# پۆلووی عەبدول شارباژێڕی و دەنگی ڕەوا

بەکر پشدەری

شاعیر گیانێکەخاڵییەلەشتە دزێوەکان، وەک دارێکی ڕاست و خوڵقاو، بەڵام بەداخەوە لەنێوان کۆمەڵێک داری خوار باڵاکردودا تیاماوە، بۆیە گەر ئاوەها ژیانێک چرکەساتەکانی هەڵکشانی تەمەنی شاعیر بن، ئەشێ پەنجەی ڕاستی هەڵبڕێ و وشەکانی دەروونی لەمێشک و دڵیا تەنگیان پێ هەڵچنێ و دواکات هەندێک لەو وشانە دەبنە فرمێسک و هەندێکی تریان دەبنە ڕەشەباو لای عەبدول شارباژێڕی شاعیریش ئەوەتا بوونەتە دیوانە شیعرێک بەناوی (پۆلوو) دیارە عەبدول شارباژێڕی ئەو دەنگە شیعرییەیە کە لەسەرەتای ساڵی 1979 دا لەبەرگی کتێبی (کوانووی شەوانی بی ئاگردا) نوسیبووی:

نالەی دەنگی ڕەوا
لەناو ناخی گەلا مۆڵە
بورکانێکە بێ ئامانە
هەوێنێکە قین و ژانە

سەرنج لەم دوو دێرە شیعرەی برای شاعیر بدەین و بگەڕێینەوە بۆ ساڵی نوسین و بڵاوکردنەوەی..دەکاتە ئەو دەمەی کەسەرەتای نارەحەتی و نەهامەتی گەلە ستەمدیدەکەمان و سەرەتای دروستبوونەوەی شۆڕشی نوێ بوو.. کە دەقا و دەق جیهانبینییەکی گەورەی تیادا بەدی دەکرێ و دواتر بینیمان کە چۆن هەر نالەی دەنگی ئازادیخوازان بوونە بورکانەکانی ڕاپەڕین و هەوێنی سەرکەوتنی یەکجارەکی.. من ئەوەندەی ئاشنای وشە و شیعرەکانی برای شاعیر بم هەستم وایە هەموو شیعرێکی لەگیانێکی پارتیزانییەوە و لە نوکی لولەچەک قەڵەمێکی شاعیرەوە وشەکانی کردونەتە گوللەی سەر سینگی نەیارانی کورد و داگیرکارانی نیشتمانە هەتیوەکەی لەو کاتەدا، بۆیە هەموو دیوانەکەی وا دەبینم لێوان لێو بێ لەشیعری بەرگری، کە ئاستی بەرزی نیشتیمان پەروەرێتی شاعیرمان بۆ دەردەخەن تا چەند لەسەنگەری خەباتی ئازادیخوازیدا بە چەک و بە قەڵەم جەنگاوە..

کە دێمە دنیای دەنگتەوە
دەرگای سنوور تێک ئەشکێنم
چونکەڕقم لەسنوورە و..
لەوەی سنووریشی دانا و
بەچوار دەورا
خاکەکەمی بەخشییەوە!.

عەبدول شارباژێڕی گیانی بەرگریکردنی لە نەتەوەکەی ئەوەندە بەهێزە کە لەو بەرهەمە شیعرییەی بەناوی (پۆلوو) دا وشەکانی ئاگر.. شاخ.. سەرکەوتن.. عەشقی خاک.. نەتەوە.. کۆچەر.. ڕەوەند.. زۆر وشەی پیرۆزی تر وەک کوردستان.. ئازادی کە هەر بەگوێبیستنیان خوێنەر ئاسودە دەبێ و هەست ئەکا بەرهەمی شاعیرێک ئەخوێنێتەوە نەک بەرهەمی هەرزەیەکی سەر چەوری لەنیشتیمان دوور و لەئەگریجەی نابەجێ نزیک.

من ڕێبوارێکی
سەر ڕێی کاروانم
تا لەژیانم
دڵداری خۆرم
ئەگەر تۆفان بێ
ئاگر باران بێ
مەحاڵە ڕێگای ڕاستی بگۆڕم.

تا ئەڵێ..

تۆش وەک من بە
گۆرانی بە بەژن و باڵای
نیشتمانەکەتا بڵێ..

برای شاعیر لەحەفتاکانەوە بەردەوامە و تا ئێستا چەندین کۆمەڵە شیعری خۆی وەکو بەرهەم بەچاپ گەیاندووە و بەردەوامە سەرنجم لەزۆربەی بەرهەمەکانی داوە کە باسی عەشق دەکەن، عەشق لەلای ئەم شاعیرە عەشقی خاک و عەشقی بەرامبەر و عەشقی مرۆڤایەتییە لەجیهاندا و عەشقی تێکۆشەرە لەهەر جێیەک کە لە دژی چەوسانەوە خەبات دەکات..
پێمان دەڵێ..

گۆرانی بۆ مرۆڤ بڵێ
گۆرانی بۆ گەدا بڵێ
گۆرانی بۆ گەلان بڵێ
گۆرانی بۆ جیهان بڵێ.
لەهەر خاکێ
زوڵم و زۆر و ستەم هەبێ
تێکۆشەر بە..!

عەبدول شارباژێڕی شیعرەکانی وەکو وانەیەک دارِشتووە بۆ قوتابخانە شۆڕشگێڕییەکان و قوتابییەکانیان..
زمانێکی ڕوون و بێ گرێ و کوردییەکی ڕەسەن کە دیارە سەردەمی نوسینی شیعرەکانی لەو کاتەدا زیاتر شاعیرانی تر پەنایان برد بوو بۆ تەم و مژ و ڕەمز لەناخی شاعیرەکانیاندا، بەڵام عەبدول شارباژێڕی لەو کاتەشدا بۆ مرۆڤ و شاعیر بەهەڵوێست ئەوەی دەخوازێ لەبەرەی گەلدا بێ و دژی دیکتاتۆری و چڵکاوخۆرانی بە وتە و بەچەک و بەقەڵەم، خەبات لە ئارادابێ.

جاشولکەکان
ئەوانەی وا بێئابڕوویی
بڕوانامەی هەڵوێستیانە
لەگیرفانی ژیانیانا
ئەوانەی وەک گورگی چوار چاو
ڕیا ئەکەن..

بەڵێ کەم بوون ئەو شاعیرانەی لەو دەمەدا توانییان بە نەمری بنوسن و نوسینەکانیان بۆ ئەمڕۆ و سبەینێ هەر بەزیندوویی بمێننەوە کە برای شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانە،چونکە هەموو شاعیرێک جیهانێکی تایبەتی خۆی هەیە کەسانی تر هێندە هاوبەشی تێدا ناکەن و هەر شاعیرێک وێنەی جیهانە تایبەتییەکەی خۆی دەکێشێ بەقەدەر ئەو توانا شیعرییەی کەپێی بەخشراوە..
ئەوەتا..

من بیستومە کاتێ پەپوو
لەسەر هەر جێیەک بخوێنێ
ئەو جێگەیە درەنگ یا زوو
کارەساتێک پێی تێ ئەنێ
گوایە ئەڵێن
پەپوو بوومە!
پەپوو شوومە.
باشەئێستا
کوانێ پەپوو؟!
خۆتان لە یەک
بوونە پەپوو..!